
# ژۆزێ ساراماگۆ:

## هەندێ جار بە خۆم ئەڵێم بیرت نەچێ ئەوان خەڵاتیان پێ بەخشیت



(ئەشکەوت) کتێبی یەکەمی ساراماگۆیە ، دوای وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب 1998 چاپکرا، جارێکی تر و لە نێو خێزانێکی گۆزەچیدا چەمۆڵەی هەژاری و پەراوێزخستن لە کارێکدا لە دایك ئەبێتەوە بەشێوەیەك کە باوەڕی پێناکرێ.

**و/ بۆ کوردی – عەلی نارێنی**

**= کاتێك خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت ، وتی من پێویستیم بە ماوەیەکە بۆ ئەوەی لە گەڵیدا ڕابێم ، ئاخۆ ئێستا ڕاهاتووە ؟**

ساراماگۆ: تا ڕادەیەك ، پێویستە هەندێجار بە خۆم بڵێم (بیرت نەچێ ئەوان خەڵاتیان پێ بەخشیت) ئەمەش بارودۆخی کەسێکی چەوساوەیە ، من بەم پلەیە چەوساوە نیم وەك هەندێك جار بۆی ئەچن، بەڵام من هەرگیز لووت بەرزنیم وەك هەندێکی تر ئەڵێن . من گەیشتم بەم تەمەنە بێ ئەوەی هیچ چرکەیەکی تەمەنم تەماحی ئەم خەڵاتەم کردبێ. هەموو تەمەنی خۆم ڕۆژ بە ڕۆژ ژیاوم بە چرکەوکاتژمێر و کارو بەرپرسیاریەتیەکانەوە، وەك هەموو خەڵکی جیهان کە لەدایك ئەبێ و گەشە ئەکا و کار ئەکات تا ئەگاتە ئەو چرکەیەی کە تێدا کۆچ ئەکات بێ ئەوەی شتێك بەجێ بێڵێ. دوورنەبوو ئەم حاڵەتە لەگەڵ منیشدا ڕووی دابا، بەتایبەت کە من لە نێو خێزانێکدا لە دایك بووم هیچ شتێکی نەبوو ، دایکم بە پێچەوانەی باوکمەوە خوێندەواری نەبوو ، بەڵام باوکم خوێندەوار بوو و هیچی نەئەخوێندەوە. تەمەنم 18 ساڵان بوو یەکەم کتێبم کڕی ، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرم لە کتێبخانە گشتیەکاندا خوێندەوە، دواجار ئەکرا هەموو شتێك لە ژیانمدا بگۆڕێ بە هەرشتێ ، بەڵام نەك بۆ خەڵاتی نۆبڵ.

**= کەواتە لەوێوە دەستەواژەی (من لە پێناو ئەمەدا لەدایك نەبووم ) سەرچاوەی گرتووە؟**

ساراماگۆ: بەدڵنیاییەوە مرۆڤ بۆ خەڵاتی نۆبڵ لەدایك نابێ، وەك بۆ ئەم و ئەویش لەدایك نابێ ، لەگەڵ ئەوەشدا ملیۆنان خەڵکی هەن لەدایك ئەبن و ئەشزانن لە پێناوی چیدا لە دایك ئەبن ، لە پێناو کولەمەرگیدا ...

ئەکرا منیش وابم ، لەبەرئەوەی منیش لە گوندێکی چەوساوە و لە خێزانێکی شونکارەدا لە دایك بووم و بیرشیم نییە کەسێك لە خێزانەکەماندا خوێندەواری بوو بێت . ئەوەی کە لەبیرم بێ 17 سالآن بووم وتم ( پێم باشە ببمە نووسەر ) بەلآم لەوچرکە ساتەدا کەسێك نەبوو گرنتی ئەوە بکات کە ئەشێ ئەمە ڕووبدات و ڕوویدا . بەپێچەوانەی ئەو گوتە ئەفسانە سەردەمییەی کە ئەڵێ : مرۆڤ لەتەمەنی 35 ساڵیەوە پیر ئەبێت ، ڕەنگە شایانی بیر خستنەوەش بێت کە (ڤێردی) تەمەنی لەسەرووی 90 ساڵیەوە بوو ئاوازی بۆ (سەعید) دانا و منیش تەمەنم 76 ساڵە بوو خەلآتی نۆبڵم وەرگرت . کەواتە چاکە بکەو گەورەکان بێزارمەکە چونکە ئەوان شارەزاییەکی گەورەیان هەیەو کارێکی زۆریان کردووە و ماندو بوونەو هەستیان کردووەو زۆرتیا ڕاماوون و لە وکاتەشدا کە ( زهایمر) نامانگاتێ ، بەردەوام ئەبین لەکارکردن .

= بەلآم ئەو دەستەواژەیەی (ئەمەوێ ببم بەنووسەر) هێشتا ڕاگەیاندنێکی منداڵکارانەیە ، کەی بەڕاستی بڕیارتدا کەتۆ ئارەزووت بەلای ئەدەبەوە یە ؟

ساراماگۆ: لە ڕاستیدا ، تا ڕادایەك بڕیارێکی منداڵکارانە بوو. من حەزم ئەکرد ببمە میکانیکی شەمەندەفەرەکان ، چونکە بیرۆکەی لێخوڕینی شەمەندەفەرێك و لە دواوەش 400 یان 500 کەس لەژێر لێپرسراوێتیمدا بێت سنگی ڕچاندبووم(مایەی خۆشحاڵیم بوو – وەرگێڕ) . بەلآم باشە ، لەتەمەنی 23 یان 24 سالآندا ڕۆمانێکم نووسی و ساڵی 1974 چاپکرا ، ڕۆمانێکی نەباش و نەخراپ بوو . هەستم بەخۆشیەکی زۆر ئەکرد ، زۆریشم پێ نەبوو بیڵێم ، پاشان بەدرێژای 20 ساڵ دەستم لە نووسین هەڵگرت . بەلآم بەشی هەرە گرنگ لە کاری ئەدەبیم لە ساڵی 1977 ەوە لەگەڵ ( پێوانەی وێنە و هونەری خۆشنووسی ) دەست پێ ئەکات و لە ساڵی 1982 ( یاداشتی دێر) ئەو ڕۆمانەی کەدەرگاکانی مەعریفەی جیهانی بەڕوودا کردمەوە . بەم شێوە گەیشتمە تەمەنی 60 ساڵی. واتا کاتێك لەلای زۆرینەی نووسەرەکان کە کارەکانیان کۆتایی پێ هاتووە یان پێشکەوتوون ، کەواتا من نووسەرێکی پیرم لە ناو نەوەی نوێدا .

= ئایا ئەمە پەندێك ئەگرێتە خۆ لە پێناو نووسەرە لاوەکاندا ؟

ساراماگۆ: بەڵێ، بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئەوانەی کە ئارام ناگرن ، ئەوانەی پێیان وایە بە تەمەنی 30 و ئەوەندە ساڵەوە هەموو شتێك کۆتایی هاتووە و شتێك نەماوەتەوە شایانی بایەخپێدان بێ. بەمەش ئەوانە بەشێوەیەکی ترسناك هەڵە دەکەن . مادام سەر ئیش ئەکات ، جیاوازی لەنێوان هەشتا ساڵی و چواردە ساڵیدا نییە .

= ئەدەبەکەت چۆن لەدایك ئەبێ ؟ لە چی خاڵێکەوە دەست پێ ئەکات ؟ قورسە لێکیدەیتەوە چۆن جیهانبینیەکانت دروست ئەبن ، کە ئەم ئەفسانانە ناوەکین ؟

ساراماگۆ: لەڕاستیدا هەندێکجار گومان ئەکەم لەوەی ئایا لە واقیعدا مـن ڕۆمانووسـم، ڕەنگـە لەبەرئـەوەش من رۆمانووس بم، چونکە ناتوانم لێکۆڵینەوە بنووسم ... لەکاتێکیشدا کە خاوەنی بیرۆکەیەکی بە هێز نیم نانووسم، کاتێکیش کەلە نوسینی ڕۆمانێك ئەبمەوە ئەوە شتێکم پێ نامێنێ بینووسم . لە پاشدا چاوەڕوان ئەبم، بە پێچەوانەی (بلزاك)ەوە کە شیوازێکی ڕوونی لە نوسینی ڕۆماندا هەبوو، بە چاوەڕوانی ئەمێنمەوە تـا بیرۆکەیـەکی تـر سـەرهەڵدەدا. ڕەنگـە بـە شـێواز گـەلێکیش سـەرهەڵبدات بـە خەیاڵـدا نەیـە. بـۆ نموونـە(کەڵەکی دەریـا) لـە وتوێژێکـدا لەگـەڵ ئـەو ڕۆژنامەنووسـەدا سـەری هەڵـدا کـە قـسەی لەسـەر ئـەو پورتوگالیانە ئەکرد کۆچ ئەکەن و پاشان ئارەزووی گەڕانەوە ئەکەن بۆ نیشتمانیان .

ئەمەش ناوکەی بیرۆکەی تێکشکان و جیابوونەوەی دروست کرد کە لەڕێگایـەوە یـادەوەری کۆچـەری ئـەڕواو لە هەمانکاتیشدا ئەمێنێتەوە . گۆڕانی ئەوشتە بچووکەش کەلە نێوخۆیدا هـیچ ناولێناونێـك هـەڵناگرێ بـۆ جیابوونەوەیەکی ماددی لەبارەی شێوە دوورگەی ئیبیریەوە وەك خولانەوەی کەڵەکێکی دەریایی گواستراو لە دوورگەیەکدا لە ئەفریقاوە بۆ ئەمریکا وایە. بەڵام ڕۆمانی (ئینجیل بە پێی یەسوع) هەرچەند ڕووداوەکـان تێیـدا زۆر نـامۆن ، لـە هەڵخەڵەتانـدنی ڕوانینەکیـەوە لـە دایـك بـوو ، ئـەوەش کارێکـە بـاوەڕی پـێ نـاکرێ لەبەرئەوەی هیچ پاڵنەرێکم نییە بۆ ئەوەی خۆم بخەمە نێو نوسینی ژیانێکی ترەوە لەسەر یەسـوع . بـەڵام ئەوەی کە ڕوویدا ئەوەبوو لە کۆشکێکی بچووکی فرۆشتنی گۆڤاردا لـە ئەشـبیلیە ئـەو ناونیـشانەم بـەزمانی پورتوگالی بەسەر یەکێ لە گۆڤارەکانەوە بینی . بەردەوام بووم لەڕۆیشتن و دواتـر وەسـتام : ( ئەمـە بـوونی نیە ، ئەمە وڕێنەیە ) گەڕامەوە . بەڵام ناونیشانەکە بەهیچ شێوەیەك بوونی نەبوو نە لەزمانی لاتینیـدا و نەلەزمانی یۆنـانی و نـە پورتوگـالی و نـە ئیـسپانی و نەلـەهیچ زمـانێکی تـردا . ئـەوەی کـە ئەمـەوێ بیڵـێم ئەوەیە من بەدوای بیرۆکەدا ناگەڕێم بۆ ڕۆمانەکانم . بەڵکو چاوەڕێ ئەکەم ئەو خۆی بەسەرمدا بسەپێنێ ، وەك شتێك هەستی پێبکەم و ببێتە پرسیارێك لە ناخمدا ، ئەوە ئەو بابەتەیە کە من پێویـستیم پێیـەتی . ئەوەی ماوەتـەوە بیڵـێم ڕۆمـانی (ئەشـکەوت) کـە لـەمانگی دیـسەمبەری ڕابـردوودا چاپکرا ، لـە تابلۆیـەکی گەورەوە کە پڕوپاگەندەی بۆ ناوەندێکی بازرگانی نوێ ئەکرد ، لە دایك بوو .

= بە ئاماژەکردنیش بۆ ئیفلاتۆن کۆتایی دێ ......

ساراماگۆ: ئەوە کارێکی حەتمیە ، چونکە پێم وایە ئێمـە هـەرگیز تائـەم ڕادەیـە لـە ئەشـکەوتی ئیفلاتۆنـدا نەژیاوین وەك ئێستا ئەژین ، ئیفلاتـۆن ئـەو ئەفسانەیەی لـە پێنـاو ئێمـەدا نوسـیووە ، ئەگەرچـی خۆیـشی ئەوەی نەدەزانی ، ئێمەش ئێستا لە ئەشکەوتەکەیدا ئەژین و خەیاڵ و واقیع تێکەڵ بەیەك ئەکەین .

- ئایا تەنها بەخۆسەپاندنی خودی بیرۆکەکە ، ڕۆمانیش خـودی خـۆی ئەسـەپێنێ ؟ چـونکە زۆرێـك لەوانـە وەك تارمایەك بونیادنراون بەئاراستەیەکی ناوەکی کەسایەتی گەلێك ، خۆی بەخۆی جێ بەجێ ئەبێ ؟

ساراماگۆ: وەکو درەخت ئەنووسم، لە دایك ئەبێ و گەشەئەکات و ناڵێ : هەڵەم کرد پێویستە بگەڕێمەوە بۆ دواوە ، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کەمن هەڵەناکەم ، بەڵام ئەوەی کە پێویستە ڕاستی بکەمەوە لەوێدا ڕاستی ئەکەمەوە .

= ئەوە مایەی فزولیەتە ، لەگەل ئەم شێوازەدا کاریگەری تۆنێل بەرهەم دێ ، کەتێیدا خوێنەرو نووسەر وەکو یەك ئەڕۆن و هەناسە لەبەرخۆیان ئەبڕن ، هەر کە تۆنێلەکەش بەشێوەیەکی پلە بەندی ئالۆز ئەبێتەوە ، ئەوە لەگەڵ هەرهەنگاوێکیشدا بۆ پێشەوە تاریك تر ئەبێتەوە .

ساراماگۆ: لە هەندێك ڕۆماندا ، ئەمە ئاشکراو ڕوونە وەك ( مێژووی سێرکی لیسباو ) . من بۆ خۆم باوەڕ بە بوونی سێ ئاستی ئەدەبی ئەکەم، وەك چۆن پرۆفیسۆرێکی ئەرژەنتینیش حەوت ئاستی لەو ئاستە ئەدەبیانە دۆزیەوە و ئەویش دیسان راست ئەکات .

= ئەکادیمیای سویسری رەگەزێکی چاودێرانەی لە هەندێك لە کتێبەکانتدا بەدەر خست .

ساراماگۆ: ئەوەی کە ڕووئەدا ئیتر نازانم لە خۆشبەختیمە یان بەدبەختی ، ئەوەیە من کەسێکم هەست بە دڵەڕاوکێ ئەکەم و، پێم ئەڵێن : لەسەرچی ڕاڕای لەکاتێکدا تۆ خاوەنی نۆبڵ و تەندروستیەکی باش و خانوویت . بەڵام من ڕێگایەکی تر شك نابەم : من ڕاڕام چونکە جیهان هیچ نیە جگە لە کارەساتێکی گشتگیر ، بۆیە من بابەتەکانم دووبارە ناکەمەوە و ناشگەڕێمەوە بۆ دواوەو نە شتێکیش ئیستیغلال ئەکەم کە بووبێتە بەشێك لە رابردوو بۆئەوەی پەرەی پێبدەم ، ئەمرۆش ئەگەر شتێك نەبێ بیڵێم بەدڵنیایەوە بێ دەنگ ئەبم ، لەڕاستیدا وێڕای ئەوەی من باوەڕم بەنووسەرنییە وەك جۆرێك لە موژدە بەخش ، ئەبێ بۆ هەموو جێگایەك بڕوات و بانگەشەی خەڵکی بکات ، بەڵکو من بەهاوڵاتیەکی ئاسایی ئەزانم ، بۆ ئەوەی خوێندراویش بێ پێویستی بە پابەند بوون و پلان و بەرپرسیارێتی و گەیشتن بە پلەیەکی دیاری کراو هەیە لە نووسیندا.

= تۆ ئەڵێ ی ناگەڕێیتەوە بۆ بابەتەکانت ، بەڵام کاتێك کتێبێکی ساراماگۆ ئەخوێندرێتەوە ، مرۆڤ بەشێوەیەکی ورد ئەوە ئەدۆزێتەوە کە چاوەڕوانێتی، وەك جیهان و گەردوون و شێوازی روانین بۆ شتەکان، ئایا ئەتەوێ بلێی ئەوانە شتگەلێکی مامەڵە پێکراونین ؟

ساراماگۆ: بڕوانە ، من بەربەریم تا ئەو رادەیەی پێدادەگرم کە رۆماننووس بوونی نیە یاخود داهێنانی یەکێك لەزانکۆکان بێت ، رۆمانوس کەسێکی زیادکراوە لەچیرۆکێکدا کە چیرۆکی ئەونییە ، ئەوەی ئەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە خوێنەری راستەقینەم ئەوکەسە ئەناسێ کەقسەی لەگەڵدا ئەکات ، ئەشزانێ ئەو ( نەك کەسێتی ) رۆمانوس نییە ، بەڵکو من پەیوەندیەکی بەتینم هەیە لەگەل هەموو ئەوانەی ئەیانگێڕمەوە ، کاتێکیش هەموو ئەمانە تەواو ئەبن و کارەکە کامڵ ئەبێ ، هەموو خوێنەرێك و لە

**هەرجێگایەك بێ ئەتوانێ بڵێ : ژیانی ئەم گەورەیەم خوێندوەتەوە و ئەیشی ناسم ، کتومت منیش ئەمەم ئەوێ.**

**= هارۆڵد بلۆم ئەڵێ : هەموو ئەدەبێك تێکۆشانە دژبە نووسەرانی پێشووتر ، تۆ لە گەل چی نموونەگەلێکدا تێدەکۆشی ؟**

**ساراماگۆ: من لە زۆر شتدا لەگەڵ بلۆمدا کۆکم، بەڵام لەمەدا نا ، چونکە کەسێك زۆری خوێندەوە، ناتوانێ و پێم وایە ناشبێ نووسەرێك هەڵبژێرێ بەرادەیەکی دیاریکراو کاری کردبێتە سەر کارە تایبەتیەکەی ، چونکە ئێمە لە هەمووان شتێك وەرئەگرین، بەڵام ئەگەر قسەکردنمان لە کاریگەرییەکان خستەلاوەو تاوتوێی ژێدەرەکانمان کرد ئەوا من ئاماژە ئەکەم بۆ کافکاو مۆنتانی و سێرڤانتس ، سەرباری قەشەیەکی یەسوعی ، کە پرتوگالییەو جگە لەنامەو ئامۆژگارییەکانی ئەنتۆنیۆ ڤییەرە هیچی تری نەنووسیوە ، ئەوانە ژێدەرەکانی منن ، ناڵێم بەتەواوی ژێدەری ئەدەبین ، بەڵام وەك خزم خواهانم وان ، لەگەل ئەوەشدا رەنگە لەگەل بۆچوونەکانمدا پێکنەیەنەوە ، من زۆر داوای لێبوردن ئەکەم لەبەرئەوەی ئەوان کۆچیانکردووەو ناتوانن رایەکانم رەتکەنەوە .**

**= لە ئەدەبەکەتدا، دەکرێ جیاکاری لەنێوان دوژینگەی گەورە لەدڵەراوکێ بکرێت ، مێژوو شوناس ، ئەمانەش چەند یەکەیەکی تەواو جیاوازن ، لە کوێدا پەیوەندیان ئەبینی ؟**

**ساراماگۆ: باشە ، رەهەندی مێژوویەك گەورەترە لەئەوی تر تەنها بە رواڵەت ، چی لە ئەوی تر گەورەترە ، چونکە بەش یەکسانە بەگشت ، هەڵسەنگاندنیشم بۆ کردارە مێژووییەکان پەیوەندی هەیە لەگەڵ خودیەتی تایبەتی من و، جیهانی دەرەکی گەورەترنییە لە جیهانی ناوەوە ، کە پێویستە زۆر بەئاگابین ، چونکە مێژوو هەمیشە بژارەی کردارەکان بووە . مەبەستم نییە کەئەو ساختەیە بەڵام پارچە کراوە . کە تەمەنم $17$ یان $18$ ساڵان بوو زۆر جار ئەرۆیشتم بۆ ئۆپێرای (لیسباو) و ئێستا ئەپرسینەوە ، کتێبی نەبوو بەڵام ئە رۆیشت بۆ ئۆپێرا ، چۆن ؟ بەڵام هۆکاری رۆیشتنەکەم ئەوە بوو باوکم دەرگاوانی شانۆکەی ئەناسی ، لەکاتی دەست پێکردنی نمایشەکەدا بە تەنیشت دەروازەکەوە دایدەنام . رێگای ئەدامێ سەرکەوم تا لای (چەپەری مریشکەکان) ، لەبەشی سەرەوەی جێی راستەقینەی دانیشتن لە شانۆکەدا تاجێك هەبوو ئەگەر لەلای جەماوەرەوە سەیرت بکردایە بەو پەڕی جوانیەوە دەردەکەوت ، پارچەیەکی نایاب بوو ، بەڵام تاجەکە ناتەواو بوو ، جگە لەتەنیا روویەك زیاتر نەبوو ، سێ لەسەر چواری بەشەکانی تر بوو ، بەتاڵیش بوو ، بەڵام لەناوەوە بەماڵە جاڵجاڵۆکە و فیلتەری جگەرەی کۆماری داپۆشرابوو ، ئێمە راستی ئەوتاجەمان لەلا روون بوو ، چونکە ئێمە لەلاکەی ترەوە بووین . ئەوەی لەلاکەی تریشەوەبێ رێگایەکی تری نیە ئەبێ بیبینێ .**

بەڵام بەدەست پێکردن لە چرکەیەکی دیاری کراوی ژیانتەوە ، ئەتوانی دەست بکەی بە خولانەوە بەدەوری شتەکاندا . ئەوکاتەش زیاترت لەقوڵایی بۆ دەردەکەوێ ، کە ئەمەش تەنها هەوڵدانێکە بۆ زانینی رووداوەکان . چونکە هەمیشە مێژوو لە گۆشە نیگای سەرکەوتوەکانەوە دەنوسرێتەوە .

= پاڵەوانی ( مێژووی سێرکی لیسباو) رەوتی مێژوو دەگۆڕێ ، بەڵام لەپرێکدا مرۆڤ لەوە بەئاگادێتەوە کە ئەو تەنها بەدووی دۆزینەوەی شوناسی خۆیدا دەگەڕێ؟
ساراماگۆ: بەڵێ ، چونکە بەردەوام تەنها وشەیەکی زۆر گرنگ هەیە بەتایبەت ئێستا .
نەخێر، چونکە ئێمە هەمیشە ئەمڕۆ لەسبەینێ ئەترسین .

= لە راستیدا ئەوەی کە ئەوکەسە زیادی دەکات تەنها وشەیەکە ئەویش (نەخێر ) ە .
ساراماگۆ: ( ئەو ) پێداچوونەوە بەکتێبی مێژوونوسێکدا دەکات و بەهۆی ساختە کردن لەبەڵگە نامەکاندا پەست ئەبێ و دژبە ( ئەوەی باوە ) بڕیار ئەدات لەبارەی دروست کردنی چاپخانەوە کە وشەی نەخێری دابەزاندووە ، چونکە ئەوە دانانی مێژووە بەلەنگەوقووچی ، لە قوڵاییشەوە هەوڵێکە بۆ کردنی گەشتێك بەدەوری تاجدا بۆ بینینی ئەوەی لەپشتەوە هەیە.

= دەقەکانت بەنەگۆڕیەوە ئاماژە بەوە دەکەن ، کەگەڕان بەدوای خۆتدا ، لەگەڕان بەناو ئەوانی تردا دەست پێ ئەکات ؟
ساراماگۆ: بەڵێ ، لە رێگای ئەوانی ترەوە . ئەگەرچی کارەکەش لەوە ئاڵۆزترە ، ئەوە من هەستاوم بەوەی کە ئاسانم کردوەتەوە ، چونکە من دڵنیانیم لە توانای ئەو ، ئێمە ئەزانین ئەوەی کەناوی ئەنێین رامانی ناوەکی هیچ نییە جگە لەتراویلکە ، چونکە مرۆڤ تەنها بۆ ئەوە ئەڕوانێ کە ئەیەوێ بیبینێ ، رۆشنبیرییەکانی تر پەیوەندیەکانیان لەگەڵ سروشتدا تەواو جیاوازە ، ( من ) یش وەك ئەگەرێکی گشتگیر لەدایك بووی شارستانیەتێکی دیاری کراوم ، یەهودی ،مەسیحی ، پێئەچێ ئەمەش تراویلکەیەکی تربێ .

= ئەقڵانیت ......
ساراماگۆ: بەدرێژایی تەمەنم بەهیچ قەیرانێکی ئایینیدا نەڕۆیشتووم ، من عیلمانیەکی زۆر هێمنم چەندە بۆی ئەچی و .... لە هیچ شتێکیش ناترسم .

= فاتیکان بەداخەوە بوو لەوەی کە ئەوان خەڵاتی نۆبڵیان پێبەخشیت، بەڵام ئێستا و لەم دوایانەدا زۆر تر وەك رەشبینێکی سەرسەخت دەردەکەویت ، بەشێوەیەك کەمایەی فزولیەتە ، چونکە بیرە کۆمۆنیستییەکان راهاتوون ئەبێ زیاتر سەبارەت بەئایندەی مرۆڤایەتی و بزوتنەوەی مێژوو گەشبینبیت ..

**ساراماگۆ: له راستیدا هه‌موو ئه‌وانه ، ئێستا کۆتاییان هاتووه و درکیشمان به‌وه کردووه .**
**وته‌یه‌کی مارکس و ئه‌نگلس هه‌یه له (ئه‌لعائیله ئه‌لموقه‌ده‌سه ) دا ئه‌ڵێت : ( ئه‌گه‌ر مرۆڤ له رووداوه‌کان پێك هاتبێ ، ئه‌بێ رووداوه‌کان به‌شێوه‌یه‌کی مرۆڤانه پێکبهێنین ) وا دیاره ئه‌وه گه‌مه کردنه به‌وشه ، به‌ڵام مه‌سه‌له‌که به‌م شێوه‌یه نییه . به‌ڵکو ئه‌بینین هه‌رچی کێشه هه‌یه چاره‌سه‌ر نه‌کراون ، که‌مترین شت که ده‌کرێ بوترێ ئه‌وه‌یه ئێمه کێشه‌کان به‌شێوه‌یه‌کی مرۆیانه دروست ئه‌که‌ین له پێناو ئه‌وه‌ی که خه‌ڵکی به‌شێوه‌یه‌کی مرۆیانه پێکبێن .**

**= دوورتر له‌سه‌رمایه‌داری ، وادیاره ره‌شبینی تۆ په‌یوه‌ندی به پێشکه‌وتنی سه‌ده‌ی بیسته‌مه‌وه هه‌یه؟**
**ساراماگۆ: نه‌خێر، په‌یوه‌ندی به‌جۆری مرۆییه‌وه هه‌یه ، پێش دووساڵ ، ئامێرێکی بچوکیان نارد بۆ شارۆچکه‌ی (مارتی) بۆ شیکردنه‌وه‌ی به‌رد، من چیم داوه له به‌ردی (مارتی) ؟ کێشه‌که ئه‌وه‌یه خه‌ڵکی لێره له برساندا ئه‌مرن ، له‌کاتێکدا که 10٪ ئه‌و بڕه پاره‌ی له جیهاندا بۆ خۆ پڕچه‌ککردن خه‌رج ئه‌کرێ، ده‌کرێ کێشه‌ی نه‌خوێنده‌واری پێ چاره‌سه‌ربکرێ ، له‌حیساباتی گه‌وره‌کانیشدا ، که فرمانڕه‌واییمان ئه‌که‌ن و سه‌ر به حکومه‌ته‌کانیش نین ، له 20٪ مرۆڤایه‌تی دوور خراوه‌ن، واته جیهان بریتیه له عار و هیچ و پووچی.**
**پێش ئه‌وه‌ی به‌م رواڵه‌ته‌وه له‌سه‌رگۆی زه‌وی ده‌رکه‌وین، نه دڵڕه‌قی و نه ئازاردانیش بوونیان نه‌بوو. مرۆڤ خۆی ئه‌م شتانه‌ی داهێناوه، ئایا ئه‌کرێ له‌م جیهانه‌دا گه‌شبین بی ؟ بۆیه له‌م کاری لێکۆڵینه‌وه‌دا که ئێمه له سه‌رین ، ده‌بێ ئه‌وه له بیرنه‌که‌ین که ئێمه توانای باشتر یان خراپترمان هه‌یه ، چونکه ئێمه له‌ناخی خۆماندا ئاژه‌ڵمان هه‌ڵگرتووه، ئه‌وه‌ی پێویسته به درێژایی ژیان بکرێ پشتگوێ خستنیان نییه، به‌ڵکو چاودێری کردنیانه.**

---

**له کلارینه‌وه – ئه‌رژه‌نتین**

**و/ بۆ عه‌ره‌بی – باسل حه‌مووده**

**(زهایمه‌ر)جۆرێك نه‌خۆشییه که توشی به‌ساڵاچوان ده‌بێ وده‌بێته هۆی که‌متوانایی زاکیره،یان له بیرچوونه‌وه.**

**له ماڵپه‌ڕی (بیان الثقافة) ده‌وه، وه‌رگیراوه.**